
سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی ئەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت

15 September 2018
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
ژمارە 9
ساڵی یەکەم 15 ئەیلولی 2018

# پرۆژەی "بیبلیۆگرافیای کورد و کوردستان"بەرهەمی ڕەنجی "بوار نورەدین" کتێبخانەی کوردیی ئاوەدان کردەوە..




پرۆژەی "بیبلیۆگرافیای کورد و کوردستان"بەرهەمی ڕەنج و ماندووبوونی بەڕێز "بوار نورەدین"ە و لەئامێزگرتنی چەندین کتێبی کوردییە لەماوەی ساڵانی نێوان(١٩٢٠–٢٠١٠) ئەم بیبلیۆگرافیایە لەمەودای ئەو ٩٠ ساڵەدا (٥٦٨٠) پێنج هەزارو شەشسەدو هەشتا کتێبی تێدا تۆمارکردووە. پرۆژەکە جگە لە بیبلۆگرافیا پێرستکاریشە، واتە ئیندێکس بۆ هەموو کتێبەکان کراوە و بە گوێرەی بابەت بەسەر هەشت بەشدا بۆلێنکراون:

مێژووی کۆن بەرگی یەکەم،
مێژووی هاوچەرخ بەرگی دووەم و چوار بەرگ،
ئەدەب، بەرگی سێیەم و دوو بەش،
زانستە کۆمەڵایەتییەکان،
ڕاگەیاندن،
هونەر،
زمان،
ئایین و ئایینزاکان، هەر بەرگ و بەشێکیش دوو بیبلۆگرافیایە،
یەکەم/ کتێبەکانن کە بەپێی ساڵ و پیتەکانی زمانی کوردی ڕیزکراون،
دووەم/ بیبلۆگرافیای نوسەران و وەرگێڕەکانن، کە بە پێی پیتی ناوەکانیان ڕیزبەندکراون و لە ژێریشیاندا ناوی کتێبەکانیان لەگەڵ ژمارەکانیاندا لەناو بیبلۆگرافیای یەکەمدا بۆ نموونە:– حوسێن حوزنی موکریانی لەخانەی پیتی "ح"دا نوسراوە.


بوار نورەدین سابیر

پرۆژەکە زۆربەی ئەو پەرتوکانەی لەخۆگرتووە، کە لەماوەی ناوبراودا سەبارەت بە کورد و کوردستان لە هەرێمی باشوری کوردستان و بەشەکانی تری کوردستانەوە، بە پیتی کوردی و عەرەبی، جگە لە لاتینی بڵاوکراونەتەوە، سەرجەمیشیانی لە دوو توێی (١٢ بەرگ و نزیکەی ٥٢٠٦ لاپەڕە)دا، بە دیزاینێکی ڕازاوە و چاپێکی جوان کۆکردۆتەوە. پێویستە بگوترێت پرۆژەیەکی ئاوا مەزن و فراوان لەدنیادا، پێویستی بە دەزگایەکی گەورە و کەسانی شارەزاو پسپۆڕ و چەندین گرووپ وتیم و ماوەیەکی زۆر دەوێت، کەچی لە کوردستان ئەویندارێکی تەنهای کتێب و وشە بە دەساڵ شەونخوونی و هەوڵدان و ڕاکردن و گەڕان بەبەرهەمی هێناوە، بەمەش کەلێنێکی گەورەی لە کتێبخانەی کوردیی پێ پڕکردۆتەوە، دیارە ئەمە نەک هەر تەنێ بۆ خوێنەران و نوسەرانی کورد لەئێستا و ئایندەدا سودبەخش دەبێت، بەڵکو بۆ تەواوی کوردناسان لە جیهاندا، کەڵکی بێئەندازەی بۆ لێکۆڵینەوەکانیان دەبێت، ئاشکرایە ئەمە گەر لەوڵاتێکی پێشکەوتوودا بکرایە، بەدڵنیاییەوە دەبووە سەردێڕی هەواڵی زۆربەی میدیاو ڕۆژنامەکان، کەچی مخابن ئەوەتا تەنانەت لەناوەخۆی هەرێمیشدا وەکو پێویست ئەو گرنگیی و بایەخەی پێنەدراوە، کەشیاوی ئەرک و شەکەتبوونی نوسەرە تاقانەکەی بێت، تاراوگە وەک بڵاوکراوەیەکی کوردانی هەندەران دەسخۆشی و هیوای بەردەوامی و سەرکەوتن بۆ نوسەرەکەی کاک بوار نورەدین دەخوازێت.

# کوردانی هەندەراننشین: ژیلوان و هەزار دۆلارییەکان!؟

نوسینی بەختیار شەمەیی
ئەمستردام

لە ساڵی نەوەدەکاندا، ئەو کاتەی میللەت بەگشتی، بێ مووچە و بێکاسبی و بێداهات بوون، بەشێکی هەرە زۆری ئەرکی بژێوی ژیانیان لەسەر شانی ئەو کوردانە بوو کە لە هەندەرانەوە، وەک بەرپرسیارێتییەکی رەوشتی و خێزانی و وەک ئەرکێکی سەرشانییان، یارمەتیی کەسوکار و تەنانەت خزم و ناسیاو و هاورێکان و دۆستەکانی خۆیانیان دەدا، ئەمە دڵسۆزی و هەستی بەرپرسیارێتی بوو و ئەرک و کارێکی زۆر باش بوو .

لەراستیدا بۆ ئەو کاتە، بوو بووە سەرچاوەی بژێوی ژیانی هەزاران هەزار خێزان و هەزاران هەزار خەڵکی بێ پارە و بێ کار و بێ داهات. هەتا ئێرە ئاساییە و هیچ ئازایەتی و منەتێکی تێدانییە. بەڵام ئەوەی سەیروسەمەرە بوو، دوای ئەوەی کە بارودخۆخەکە گۆڕا و بوودجە وەرگیراو و بازرگانی گەشەی کرد و مووچەی خانەنشینی و حیزبی و.....هتد، دەستی پێکرد، هەر ئەو خەڵکە، بەشێکی زۆریان، بێگومان هەموویان نا، با تەڕ و وشک پێکەوە نەسوتێن! رابووردوویان بیر چووەوە و لووتیان بەرز بوو و لەخۆیان بایی بوون و کەوتنە گاڵتە پێکردن بە کوردانی دانیشتووی هەندەران، تەنانەت کەناڵە تیڤییەکانی پارتەکانیش بەرنامەی ناشیرین و ناشارستانییانە و نەشیاویان لەسەر کوردانی هەندەراننشین بڵاو دەکردەوە، بۆ نموونە بەکوردانی هەندەراننشینیان دەوت: هەزار دۆلارییەکان، واتە بە خۆیان هەزار دۆلارەوە سەردانی نیشتمان دەکەنەوە!؟ یان کوردانی هەندەراننشینیان ناونابوو: ژیلوان!؟ ئیتر نازانم ئەو ناوەیان لە چییەوە بەسەر کوردانی هەندەرانشیندا دابڕی بوو. بەڵام ئێستا دیسان، هەر ژیلوانەکانن کە داوای پارەیان لێدەکرێتەوە و پارمەتی کەسوکار و خزم



و ناسیاو و دۆست و هاوێکانیان دەدەنەوە!؟

لێرەدا باسی نەخشی کوردانی هەندەراننشین ناکەم لە ناساندی کورد و کوردستان بە جیهانی دەرەوە، هەروەها باسی خۆپیشاندان و مانگرتن و هەوڵ و تێکۆشانی میدیایی و شارستانییانەی ئەو خەڵکە ناکەم کە بەدڵ و بەگیان و بەسەر و سامانەوە لەگەڵ نەتەوە و نیشمانەکەی خۆیندا بوون و ئێستایش هەر هەمان ئەو کوردانەی جارانن و لەخۆیان نەگۆراون. زۆر کەسی دیکەیش، پێش هاتیان بۆ هەندەران، گاڵتەیان بە کوردانی هەندەراننشین دەکرد و بە راکردوو و ترسنۆک و خۆپەرستیان ناودێر دەکردن، بەڵام کە خۆیشیان دەرفەتیان بۆ هەڵکەوت، وڵات و میللەتیان بەجێهێشت، ئێستا خۆیان وەک هەندەراننشین، پاکانە دەکەن و پاساو بۆ هەڵاتنیان دەهێننەوە و بەرگری لە کوردانی هەندەراننشین دەکەن، واتە بانێک و دوو هەوا!؟ هێندەی ئاگاداربین، ئێستا بە هەزاران هەزار لە گەنجان و لە خەڵکی بێکار و بێ کاسبی و بێ مووچە و بێ پارە و هەژار و داماو و بێچارە، بەشوێن دەرفەتێکەوەن کە لە باشوری کوردستان رزگاریان بێت و بە هەر شێوەیەک بێت، بگەنە هەندەران!؟ هیچ گلەیی لەو کەسانەش ناکرێت کە لە هەوڵی وڵات بەجێهێشتندان، چونکە باشوری کوردستان بۆ زۆربەی زۆری میللەت بووە بە دۆزەخی ژیان و بۆ کەمینەیەکی ناو میللەتیش بووە بە بەهەشتی ژیان!؟

راستییەکیش هەیە، کوردانی هەندەراننشینیش هەموو یەک جۆر نین و هەموویان خاوەنی یەک رابووردووی وەک یەک نین، وەک چۆن هاونیشتمانیانی کوردستانشین، هەموویان یەک جۆر نین و یەک رابووردووی وەکو یەکیان نییە. با ئەوەش باس بکەین، گرنگ نییە لە کوێ دەژیت و لە کوێ ناژیت، بەڵکو گرنگ ئەوەیە مرۆڤێکی باش بیت و خراپ نەبیت، جاش و سەرجاش و ئەنفالچی و موستەشار و کۆنە بەعسی نەبوویێتی و خۆفرۆشتوو نەبوو بێتی و ناپاکیت لە نەتەوە و لە نیشتمانەکەی خۆت نەکردبێت. بەڵام بەداخەوە، کار گەیشتووەتە ئەوەی کە رابووردووی هیچ کەسێک ناخوێنرێتەوە!؟

وەک دەڵێن: ئەوەی چوو، چوو، ئیتر باسوخواسی نامێنێت، رابووردوو فت!؟

لە دواجاردا، ئەم پەندەی پێشینانانمان بیر نەچێتەوە کە فەرموویانە: شێر لە هەرکوێیە، چنگی خۆی پێیە.

تاراوگە بلاوکراوەیەکە دەنگ و رەنگی هەموو کوردانی تاراوگەیە، بەبێ جیاوازی ئینتمایی سیاسی و حیزبی، هەموو زانیاری و ئاگادارییەک و بابەت و هەواڵی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و هونەری بلاودەکاتەوە، لە ئێستادا بە شێوەی ئەلەکترۆنی بلاودەبێتەوە، تاراوگە بەرپرسیار نییە لە ناوەرۆکی نوسین و ئینتمای سیاسی نوسەری بابەتەکان.

# گەورەم سالم، خۆ لە گۆڕی خۆتیش خرا زەرەر...

بەکر شوانی– ئەڵمانیا



ئەو کاتەی سالمی ساحێب قڕان لە دەیەی چوارەمی سەدەی نۆزدەیەمدا، لە ژووری خانەقایەکی سلێمانی دانیشتووە و سەرقاڵی نوسینی چامە بەناوبانگەکەی بووە، بۆ حەزرەتی نالی و کاتێک گەیشتووەتە دێری "زستانی ئەوەڵین بوو دڕا بەرگی شێخ هەباس...

ڕۆمی ئەوەندە شوومە لە شەخسیش دەخا زەرەر"،

تۆ بڵێیت خەیاڵی بۆ ئەوە چووبێت، کە ڕۆژگارێک دێت "کوردی شووم"یش پەیدا دەبن و لە گۆڕی ئەویش دەخەن زەرەر؟ باشە جگە لە شاعیرانی کلاسیک چی شتێکی تر هەیە ئێمە بە ڕابردووی نزیکمانەوە ببەستێتەوە و مایەی شانازیمان بێت؟ ئایا ئەوە چی دەستێکە و پەروەردەی چی قوتابخانەیەکە، کە خوازیارە ڕەگ و ڕیشەی میللەتێک لە بنەوە هەڵبکێشێت؟! ساڵانێک لەگەڵ چەند برادەرێکدا سەرقاڵی گەڕان بووین بە دوای گۆڕی نالی دا لە ئیستانبوڵ بۆ ئەوەی ئەگەر بکرێت بیگەڕێنینەوە بۆ سلێمانی و لەپاڵ سالم و کوردی دا بیانێژین و بەو جۆرە سێکوچکەکەی بابان بگەیەنینەوە بەیەک، کەچی لە کاتێکدا کە هێشتا نالی و حاجی قادری کۆیی لە غوربەت گۆڕونن، لە نیشتیمان گۆڕی ئازیزانیان تێک دەدرێت! سالم و کوردی و نالی و ئەحمەدی خانی و مەلایێ جزیری و هتد... موڵکی تاک بە تاکی ئێمەن و لە پێکهێنان و پێشخستنی زمان و پاشخانی کولتووریماندا ڕۆڵی گەورەیان هەیە، بۆیە ئەرکی هەموومانە ئێمەیش وەک میللەتانی تری ئەم دنیایە ڕێز لە سیمبولە کولتووری و ئەدەبییەکانمان بگرین. با بۆ ئەم مەبەستە ڕوو لە حکومەت و پەرلەمان و وەزارەتی ڕۆشنبیری نەکەین، بەڵکو با بزانین داخۆ ئەم ڕەفتارە شوومە خەڵکی ئاسایی و ڕۆشنبیران و خەمخۆرانی کولتووری کوردی دەجووڵێنێت و دەیانهێنێتە سەر ئەو باوەڕەی، کەمپین بەڕێ بخەن بۆ ڕاگرتنی سووکایەتیکردن بە سیمبولەکانمان و بۆ گەڕانەوەی ڕێز و ئیعتیبار بۆ سالم و کوردی؟

تێبینی: وێنەکان لە کاک کامەران سوبحان وەرگیراوە.

فەرمەوودە

# "هیچ هەنارێ نییە دەنکێکی لە هەناری بەهەشت تێدا نەبێ"

دلاوەر قەرەداخی




تەنها دار هەنارەکە خۆی" و "هۆ مەریەم"، دوو ڕۆمانی ڕۆماننووس و شاعیری عێراقی "سینان ئەنتۆن"ن، کە لەم ڕۆژانەدا خوێندمنەوە و چێژم لە خوێندنەوەیان برد. شاری بەغدا شوێنی ڕووداوەکانی هەردوو ڕۆمانەکەیە. شاکەسەکانی ڕۆمانی یەکەم گەنجێکی پەیکەرتاش بە ناوی "جواد" و دایک و باوک و کەسوکارە شیعەکەیەتی و شاکەسەکانی ڕۆمانی دووەمیش یوسف و باوک و دایک و براو خوشک و کەسوکارە کریستیانەکەیەتی. جواد لە " تەنها دارەهەنارەکە خۆی" دا، قوتابی و پاشان دەرچووی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانە و باوکیشی پیشەی مردووشۆرە. لە پشووی هاوینی یەک دوو ساڵی کۆتاییەکانی قۆناغی خوێندنی ناوەندیدا یارمەتی باوکی لە مردوو شتندا دەدا، بەڵام پاشان، بەهۆی حەزی زۆری لە وێنەکێشان و وەرگرتنی لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان، لەو حەز و خۆزگەیەی باوکی دوور دەکەوێتەوە کە دەیەوێ کاتێ کوڕەکەی گەورە دەبێ ببێتە میراتگری پیشەکەی ئەو، بە تایبەتیش کە برا گەورەکەی دەرچووی کۆلیژی پزیشکییە و دواتر لە کۆتاییەکانی جەنگی عێراق ئێراندا دەکوژرێ. بەڵام دوای مردنی باوکی و هاتنی زەمەنی شەڕ و تۆڵە و زەبروزەنگ و بێئیشی و ڕەوینەوەی خەونی هونەر و هونەرمەند بوون، جواد ناچار دەبێ سەرلەنوێ دوکانی مردووشۆرییەکەی باوکی بکاتەوە کە لەو کاتەدا بەهۆی تەقینەوە یەک لەدوای یەکەکانەوە، نەک هەر پیشەی مردووشۆری بازاڕی هەیە، بەڵکو هەندێ جار سەری براو بۆ جواد دەهێنن تا بیشوات و کفنی بکا. ڕۆمانی "هۆ مەریەم" یش کە سەبارەت بە کۆمەڵکوژییەکەی کڵێسای نەجاتە لە بەغدا، دونیابینی دوو کەسایەتی لە خێزانێکی عێراقی کریستیان لە خۆ دەگرێ کە بارودۆخی ناهەمواری عێراق لە ژێر یەک ساپیتەدا کۆیان دەکاتەوە. یوسف، پیاوێکە لە پاییزی تەمەندا، مل بۆ کۆچ و جێهێشتنی ئەو ماڵە نادا کە خۆی ڕۆی ناوە و نزیکەی نیو سەدە تیایدا ژیاوە. خۆی بە تەڵە داوەکانی یادەوەری ڕابردوویەکی خۆش و زیندووەوە گرێ داوە. " مەها" یش کچێکی گەنج و برازای یوسفە، ڕەشەبای زەبروزەنگی تائیفیی لە عێراقدا، ژیانی تێکوپێک داوە، کەسوکارەکەی پەرتەوازە کردووە و خۆیشی وەک پەنابەر لە وڵاتەکەی، لە ماڵی "یوسف" کە بەراورد بە گەڕەکەکانی تری بەغدا، لە ناوچەیەکی ئارامتردایە، دەژی و لەگەڵ مێردەکەیدا چاوەڕێی وادەی کۆچە لە وڵاتێ کە هەست دەکا وڵاتی خۆی نییە. ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە لە یەک ڕۆژدا ڕوو دەدەن. یادەوەری بەر واقیع و ئومێد بەر چارەنووس دەکەون. هەردوو ڕۆمانەکە بە زوبانێکی ئەفسووناوی و تێکەڵەیەک لە زوبانی ئەدەب و زوبانی شەقام، پرسیاری ئازایانە و قورس لە بارەی دۆخی کەمینەکانەوە لە عێراقدا دەوروژێنن. کەسایەتیگەلێ بە دوای عێراقی جاراندا دەگەڕێن و کەسایەتیگەلێکی تریش هەوڵ دەدەن لە عێراقی ئێستا هەڵبێن. سینان ئەنتۆن ساڵی ١٩٦٧ لە بەغدا لە دایک بووە. ساڵی ١٩٩٠ بەکالۆریۆسی لە بەشی ئینگلیزی کۆلیژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا هێناوە. ساڵی ١٩٩٥ ماستەر لە زانکۆی جۆرج تاون و ساڵی ٢٠٠٦ دوکتۆرا لە زانکۆی هارڤارد وەر دەگرێ. جگە لەو دوو ڕۆمانە، دوو ڕۆمانی تر و دوو کۆمەڵەشیعری هەیە بە ناوەکانی "یەک شەو لە هەموو شارەکاندا" و "ئاوێزەیەکی تەڕ بە جەنگ."

# پیاوی سیاسی دەبێت ساحێبی قسەی خۆی بێت!



ئیمانۆییل ماکرۆن لەدەمی بانگەشەکردنیی هەڵبژاردندا بەڵێنی بەدەنگدەراندا،کە گەر بێت و دەرچێت،ئەوا بەکارهێنانی مۆبایل وتەلەفونی زیرەک لەزۆربەی فێرگەکاندا قەدەغەدەکات،ئەم هەنگاوەشی یەکسەر لە پارلمانی فەڕەنسا ناو بەیاسا هەرزوو دەستکرا بە قەدەغەکردنی،ئەوەبوو لیبڕال وئەندام پەرلەمانەکانی پارتی دەسەڵات لەکۆتایی مانگی حەوت بەبڕیارێکی فەرمیی یاساغیانکرد،بڕیارەکەش هەموو ئەو ئامێرانە کە بە ئیتەرنێتەوە بەندن لە فێرگەکانی سەرەتایی و ناوەندیی دەگرێتەوە،تەنها ئامادەییەکان نەبێت ئەوان خۆیان ئازادن لەبڕیارداندا،بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەک لەزانکۆیەکی لەندەن کەلەساڵی ٢٠١٥ئەنجامدراوە روون بۆتەوە کە ئەو خوێندنگانەی دەستیی تێیاندا یاساغە قوتابییەکانیان ڕێژەی نمرەکانیان بەرزترەو بەپێی هەواڵێکی تۆڕی " سی ئێن ئێن "ی ئەمریکاییش هاتوە،لەپشووەکاندا قوتابیان وچانی زیاتر دەدەن وباشتریش ژەمەخۆراکەکانیان دەخۆن،شالیاری خوێندن لەفەڕەنسا "جان میشال بلانکە" رایگەیاند:لەم رۆژگارەدا ،منداڵەکان لەکاتەکانی پشوودا یاری ناکەن،بەڵکو تەنها بەرامبەر تەلەفونە زیرەکەکانیان دادەنیشن!

لەروانگەی پەروەردەییشەوە،ئەمە گرفتە،هەروەک تۆڕی "سی ئێن ئێن" دەڵێت،ئەم پرۆژەیە بۆئەوەیە منداڵان لە توندوتیژی دوور خاتەوەو وایان لێبکات بەئاسانی هاوڕێ پەیدابکەن وچالاکییەکانیشیان زێتر بێت،ئەمەو وەزیری رۆشنبیری بەریتانیاش مانگی رابردی بۆ رۆژنامەی "گاردیان" گوتبوی، ئەوان لێناگەڕێن منداڵەکانیان تەلەفونی دەستیی هەڵگرن و تۆڕەکۆمەڵاتییەکان بەکاربهێنن،بەڵام رەتیکردەوە کەبەتەواوی لە خوێندنگەدا قەدەغەبکرێت،لەڕاپۆرتێکیشدا کە رۆژنامەی "دەیلی ئێکسپرێس"رۆژی سێشەممەی بوری پێی هەڵساوەو بڵاویکردۆتەوە دەرکەوتوە لە٦٠%ی بەرپرسی خانەوادەکان لەگەڵ قەدەغەکردنی دەستیی دان لەپۆل ولەبەرامبەردا لە٢٧% وایدەبینن کە لەکاتی پشوودا بۆیان هەبێت،بەڵام سێ بەشی لێپرسراوی خێزانەکان پێیان وایە موبایل دەکرێ وەک هۆیەک دژی منداڵەکانیان بەکاربێت ،رۆژنامە بەریتانییەکە تێبینی ئەمەشیکردووە کە مەترسییە گەورەکە لەوەدایە گەربێت و لەپۆلەکاندا بەکاربێت،چونکە لەخوێندن دایاندەبڕێت،فێرگەش لەکۆتاییدا بەرپرسە لەپارێزگاریکردنی فێرخوازەکانی لە هەر مەترسییەک لەمەترسییەکانی ئینتەرنێت لە کاتی خوێندندا،بۆیە لەگەڵ دەستپێکردنەوەی ساڵێکی تری خوێندن ئێستا چیدی لەوجۆرە وێنانەی کە لەسەرەوە دامناوە لەگۆڕەپانی فێرگەو پۆلەکاندا لەفەڕەنسا بەدیناکرێن،چونکە جوڵەی قوتابی کەم دەکات،بەپێی ئامارێکیش لەفەڕەنسا لەهەر دە کەس نۆیان کە تەمەنیان لەنێوان ١٢ بۆ ١٧ساڵیدایە دەستیی لەگەڵ خۆیاندا هەڵدەگرن،شیاوی باسە لە ئینگلتەڕاش ئەمە بەبێ یاسا بەڕێوە دەکرێت.



موزەفەر عەزیز

پرسی ئەم هەنگاوەی فەڕەنسا بۆ چەند ساڵێک بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە،بەڵام کە ماکرۆن هات و بەڵێنی دا، ئەوسا بووە بڕیار، بەمەش هەنوکە ١٢ملیۆن خوێندکار ئەم بڕیارەیان بەسەردا جێبەجێدەکرێت.

ئاخۆ ئەم بڕیارە لە ئەڵمانیاش ڕێوشوێنی بۆ دەگیرێتەبەر؟

دیدەکان لەیەک جیاوازن، سەرۆکی گشتی خوێندن"هاینز پێتەرمایدینگەر" بەئەندازەیەکی زۆر بەرگری لەیاساغکردنی تەلەفونی دەستیی دەکات لەقوتابخانەکانی سەرەتایی وناوەندییدا،ناوبرا بۆ رۆژنامە ی"پاساو"هەرچەندە پێی وایە کەدەبێت هەندێ حاڵەتی ناچاری لێدەربکرێت ،بەڵام دەڵێت :ئەزموونەکان دەریدەخەن ،کەدەستییەکان دەکرێ بڵێین هەرگیز خامۆش ناکرێن" بەردەوام دەبێ و دەڵێ:زۆربەیان تەنها لەسەر بێدەنگ دایدەنێن" ئەمەش رامان وسەرنج بۆ وانەکان کەمدەکاتەوە. سەرچاوە سایتی دێرشپیگلی ئەڵمانی و شەرقولئەوسەتی عەرەبی.







هەژی گوتنێیە ئەم پرسە جارێ نەک هەر لەکوردستان بگرە لە وڵاتەعەرەبییەکان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش نەبۆتە جێگای باس وقسەلەسەرکردن،ئاخۆ کەی بێ ئەویش ببێتە باسی رۆژەڤ وبڕیارێکی لەبارەوە بدرێت؟!

به سوپاسەوە لە ئەکاونتی تایبەتی نوسەرەوە وەرگیراوە

# نوێترین ڕۆمانی خالید حوسێنی، نوێژێک لەسەر دەریـــــا....!




خالید حوسێنی، یەکێکە لە نوسەرە ناسراو و بەناوبانگانەی ئێستەی دنیای ڕۆمانوسین، ڕۆمانەکانی پڕفرۆشترین بەرهەمەکانی ئەمڕۆ کتێبخانەکانی دنیایە و خوێنەرێکی فرەی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە و ڕۆمانەکانی بۆ چل زمان وەگێڕدراون.

خالید حوسێنی ڕۆژی 4 ی مانگی مارتی 1965 لە کابول لەدایک بووە. نوسەری کتێبی بەناوبانگی (کۆلارەوان)ە، کە لە هۆڵەندە 1.5 ملیۆن دانەی لێفرۆشراوە، دوای تەواو کردنی زانکۆ (خالید حوسێنی) وەکو پزیشک دەستی بە کار کردووە، کە یەکێک لە دەرەنجامەکانی ئەم کارە پێکهێنانی ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ "ڕوئیا حوسێنی" بوو، دوو منداڵیان هەیە کوڕێک و کچێک بە ناوەکانی (حارس و فەرەج)ەوە. ئەم نوسەرە تا ئێستا چوار ڕۆمانی لەچاپ داوە؛ کە گرنگترینیان" کۆلارەوان" و "هەزار خۆری درەوشاوە " و "چیاکان دەنگیان دایەوە" یە، نوسەر ناوبانگێکی جیهانی هەیە. گشت کتێبەکانی باس لە بارودۆخی ئەفغانستان دەکات. لە دوای سەرکەوتنی کتێبەکانی، خالید حوسێنی کاری پزیشکی وەلاوە نا و بە تەواوی کاتی خۆی بۆ نوسین تەرخان کردووە، دوا بەرهەمی ئەم نوسەرە ڕۆمانێکە بە ناونیشانی (نوێژێک لەسەر دەریا– Bed by the sea)،کە مانگی ئابی 2018 بە زمانی ئینگلیزی و زۆربەی زمانە زیندووەکانی دنیا بڵاوکراوەتەوە، پاڵەوانی ڕۆمانەکەی (ئالان کوردیی)ە و بەم شێوەیە دەست پێدەکات:

لەسەر کەناری دەریایەکی بەر تیشکی مانگەشەوی درەوشاوە، باوکێک دەستی کوڕە نوستووکەی گرتووە چاوەڕێی هاتنی بەلەمێک دەکەن، باسی درێژی هاوینانی گەنجی خۆی بۆ کوڕەکەی دەکرد، ماڵی باپیری بیر کەوتەوە لە سوریا، کە هەر لە یادیدا مابوو، دەنگی نزمی جوڵانەوەی دارزەیتونەکان لە کاتی شنەی بادا، دەنگی شیردۆشینی بزنەکان و تەقەتەقی مەنجەڵەکانی نەنکی و قەڵەباڵغی شاری حومصی هەرلە بیرە، مزگەوتەکە و بازاڕە گەورەکە، ئەو کاتەی کە هێشتا ئاسمان هیچ بۆمبێکی بەرنەدابۆوە، پاشان دەبوایە ڕابکەن. هەر کە خۆر هەڵدێت، کەلوپەلەکانیان کۆدەکەنەوە و لەگەڵ خەڵکانێکدا



گەشتێکی ترسناک دەست پێدەکەن، دەگەڕێن بە دوای شوێنێکدا، کە دوور بێت لە ترس و دڵەڕاوکێ بۆ ژیانێکی ئاسودە.

ئەوەی هەردووکیان پەیدای دەکەن لەسەر دەریا دەیبەخشن بە ئەنجومەنی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران UNHCR

دەقە ئەدەبییەکانی خالید حوسێنی، حوکم و شەرعی نادادپەروەرانەی تاڵیبانی ئیسلامی بۆ شەرعییەتدان بە کوشتار و کۆمەڵکوژی و کۆنەپەرستی، مێژوویەک لە نەهامەتی هۆشیار دەکەنەوە، لەژێر ناوی دنیا و مەزهەو و شمشێری ئیسلامیدا، کە مرۆڤایەتی شەرمی لێدەکات. مێژووی ژنە بەدەست پیاوی جەللادەوە. مێژووی ژنە بەدەست کۆمەڵگەی سوننەتی و خێڵەکی، مێژووی ژنە بەدەست خێزانی دواکەوتوو. مێژووی ژنە بەدەست باوک و برای ناعەدالەت، مێژووی ژنە بەدەست دنیا و مەزهەو و ئیسلامییەوە، مێژووی ژنە بەدەست حزبی ئیسلامی و دین و شەرعیەت، مێژووی ژنە بەدەست مەلا و مزگەوتەوە، مێژووی ژنە بەدەست تاڵیبانەوە، کە ئیدیعای نوێنەرایەتی خوا دەکات لەسەر زەوی. مێژووی ژنە و مێژووی سەرکەوتنی ژنیشە بەسەر ناعەدالەتی و سوکایەتی و لێدان مەلا و شەرعیەت و مێژووی خراپ و سوکایەتی و حوکمی تاڵیبان و شەرعی ناشەرعییەوە. واتە ململانێی ژنە لە نێوان دوو دنیا و دوو هەقیقەت دوو ئەزموون، کە دواجار ژن دەیباتەوە.


دوا ڕۆمانی خالید حوسەینی نوێژێک لەسەر دەریا، ئێستە بە زمانی هۆڵەندی لە کتێبخانەکاندا دەستدەکەوێت، ئەم ڕۆمانەی دیسان باس لە ململانێیەکی دیکەی نابەرانبەری مرۆڤ دەکات، لە جەنگێکی داسەپاودا بەسەر گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و بە هۆیەوە دەیانی وەک ئالان کوردی دەبنە قوربانی و ماڵولانەیان لێدەشێوێت.

هیوادارم ئەم ڕۆمانە نوێیەی ئەم نوسەر ناودارە، بە زمانی شیرینی کوردیی ببینین.

# عەبدوڵای کوردستانی چی بە مۆریتس هارتمانی نەمسایی گوت؟

## لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا بەشی دووەم بەکر شوانی

هەر وایش دەکەن و مانگی ئۆکتۆبەری هەمان ساڵ، ١٨٥٤، هەرسێکیان دەگەنە ئیستانبوڵ. ڕۆژێک عەبدوڵا لە ئیستانبوڵ قەشەیەکی نەستووری دەبینێت کە پێشتر لە زێدی خۆی لە کەناری ڕووباری فورات ناسیویتی. لە ئەنجامی گفتوگۆدا بۆی دەردەکەوێت کابرای قەشە بە نوێنەرایەتیی نەستووری (مەسیحی) و ئێزدییەکانی کوردستان هاتووە، چونکە بۆیان دەرکەوتووە عوسمانییەکان بەنیازن لەژێر گوشاری فەرەنسی و ئینگلیزەکاندا مافی زیاتر بەو دوو پێکهاتە ئاینییە بدەن. لەو کاتەدا بیرۆکەیەک بۆ عەبدوڵا دێت و بە کابرای قەشە دەڵێت: "دەستی فەرەنسی و ئینگلیزەکان ناگاتە چیایەکانی ئێمە. زۆر جاریش بۆمان دەرکەوتووە پاساکانی تورک لە خەمی ئێمەدا نین. ئەگەر پاراستنتان دەوێت، دەتوانن تەنیا لە کورد داوای پاراستن و ئاسایش بکەن. من ئێستا تکایەکم لێت هەیە، ئەگەر هاوکاریم بکەیت، بە خوا سوێندت بۆ دەخۆم هەموومان لە وڵات بە ئاشتی پێکەوە بژین." کابرای قەشە بەپەرۆشە بزانێت داخوازەکەی عەبدوڵا چییە. ئەویش دەڵێت: "من عاشقی ناتالیام کە کچێکی مەسیحییە. ئەویش دڵی بە منەوەیە، بەڵام پێم وایە لەبەر نیگەرانیی ئاینی نایەوێت لەگەڵم بێت بۆ کوردستان. ئەگەر هەوڵ بدەیت قایلی بکەیت لەگەڵم بێت بۆ کوردستان، ئەوا لە ناوچەی فورات دەبێت بە فریشتەی ئێوەی مەسیحیش."



مۆریتس هارتمان

هارتمان دەنووسێت؛ کابرای قەشە دەچێتە سەردانی ناتالیا و قایلی دەکات شوو بە عەبدوڵا بکات. عەبدوڵایش بەڵێن دەدات هەرگیز ژن بەسەر ناتالیادا نەهێنێت و هەموو توانای خۆیشی بخاتە کار بۆ پاراستنی مەسیحییەکانی کوردستان. پایزی هەمان ساڵ کاروانێکی بچووکی پێکهاتوو لە ناتالیا و باوکی و قەشەی سریانی و عەبدوڵای کورد و چەند خزمەتکارێکی، ئیستانبوڵ بەجێدەهێڵن و ڕێی کوردستان دەگرنەبەر و هەواڵیان نامێنێت. سەرەتای بەهاری ساڵی دواتر هارتمان دەنووسێت: "لەم مانگی ئادارەدا نامەکیان گەیشتە ئێمە لە ئیستانبوڵ. لە نامەیەکی باوکی ناتالیادا کە بۆ هاوڕێیەکی خۆی نووسیوە و کەوتە دەستی من، زانیاری زۆرم دەربارەی ئەو شۆڕشەی ئێستای کوردستان دەست کەوت. لە ڕێی ئەو نامەیەوە بۆم دەرکەوت ناتالیا لەژێر ڕەشماڵێکدا لە کوردستان بە کامەرانی دەژی. عەبدوڵایش یەکێکە لە سەرکردەکانی شۆڕشی کوردستان و لە ناو گەلی خۆیدا خاوەن پێگەیەکی گەورە و گرانە." ئەو بزووتنەوەیەی کە هارتمان لێرەدا بە شۆڕشی کوردستان ناوی بردووە، ڕاپەڕینی ئێزدین شێری جزیرییە کە ساڵی ١٨٥٤ لە دژی دەوڵەتی عوسمانی بەرپای کردووە.

### هارتمان بە شیعرێک یادی عەبدوڵای کورد دەکاتەوە

مۆریتس هارتمان بەجۆرێک دەکەوێتە ژێر کاریگەریی کەسایەتی و بۆچوونەکانی عەبدوڵای کوردەوە کە تەنانەت دوای گەڕانەوەیشی بۆ نەمسا لە بیری ناکات و لە خەیاڵی خۆیدا دەیخاتە خانەی هاوڕێ



نزیکەکانی خۆیەوە. هارتمان هەر بە ئەوەندەوە ناوەستێت چەند لاپەڕەیەک لە "گەشتنامە"کەی بۆ چیرۆکی ناسینی ئەو گەنجە کوردە و ئەڤینی ئەو لەگەڵ ناتالیادا تەرخان بکات، بەڵکو بە نووسینی شیعرێک بە سەردێڕی "عەبدوڵای کورد بەمجۆرە بۆم دوا"، ناوی ئەو گەنجە کوردەی خستووەتە دووتوێی دیوانی "ئەبەدی"یەوە کە ساڵی ١٨٥٨ چاپ کراوە و بە یەکێک لە شاکارەکانی ئەدەبی ئەڵمانیزمانی سەدەی نۆزدەیەم دادەنرێت.

شیعرەکەی هارتمان بە ئەڵمانی:

So zu mir sprach Abdallah, der Kurde:
"Wisse du, warum dein Freund ich wurde?
Weil du hörst und schweigst, wenn Andere sprechen,
Weil du singest, wenn die Andern zechen.
Sahst du Moslems im Gebete liegen,
Hast du, Franke, ehrfurchtsvoll geschwiegen.
Schmerzlich krank hast du nur Nachts geklaget,
Morgens stiegst zu Pferd du unverzaget.
Nie das Gestern hört ich dich beklagen,
Doch du redest schön von künft'gen Tagen."

بە کوردی:

عەبدوڵای کورد بەمجۆرە بۆم دوا:
"دەزانیت بۆچی بووم بە هاوڕێت؟
چونکە تۆ گوێ دەگریت و بێدەنگ دەبیت
کاتێک ئەوانی تر دەدوێن.
چونکە تۆ گۆرانی دەچریت کاتێک ئەوانی تر
بێ ئەندازە سەرخۆش دەبن.
موسڵمانت بینی لە نوێژدا،
تۆی فرانک بەڕێزەوە بێدەنگ بوویت.
تۆی نەخۆشی دەردەدار تەنیا شەوان
دەتناڵاند،
بەیانیان ئازایانە سواری ئەسپ دەبوویت.
هەرگیز گوێم لێ نەبوو دوێنێ گازندەت
هەبێ،
بەڵام زۆر جوان دەربارەی ڕۆژەکانی داهاتوو
دەدوێی."

# کۆڕی ڕێزلێنانی کوردانی هۆڵەندا

## بۆ خاتوو بۆنی نۆرمان و دکتۆر چیا عەباس نوری صاحبقران لە لاهای

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی 09-09-2018 کات 14:00 دووی پاشنیوەڕۆ، یانەی کوردی"میدیـــا" لە هۆڵەندا، کۆڕێکی ڕێزلێنان و سوپاسگوزاریان، لە شاری لاهای پایتەختی سیاسی هۆڵەندا، لە هۆڵی بارەگای کۆمیتەی ڕێکخستنی (ی.ن.ک) بۆ هەردوو بەڕێزان (خاتوو بۆنی نۆرمان و دکتۆر چیا عەباس نوری) ساز کرد، بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە کۆچبەرانی کورد و هاوڕێیان دۆستانیان.

سەرەتا لە لایەن هەردوو (خاتوو پەیمان سەرهەنگ و سەردار فەتاح)ەوە، وەک ڕێکخەری کۆڕەکە و ئەندامانی لیژنەی سەرپەرشتی ڕێکخراوەکە، بە دەقیقەک وەستان بۆ گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی کوردستان و شەهیدانی کارەساتە جەرگبڕەکەی کۆیە مەراسیمەکە کرایەوە، پاشان مەبەستی ئەم کۆڕی ڕێزلێنانەیان خستەڕوو، تیشکیان خستە سەر خەبات و تێکۆشانی هەردوو ئەم جوامێرە و جەختیان لەوە کردەوە، کە بەوپەڕی خۆشحاڵیەوە یانەی کوردی"میدیـــا" لە هۆڵەندا، بە پێویست و ئەرکی سەرشانی خۆی زانیوە، وەک ئەمەک و وەفایەک بەرانبەر ڕەنج و ماندووبوون و سوتاندنی چەردەیەک لە مۆمی تەمەن و ژیانی خۆبەخشی هەردوو بەڕێزان (خاتوو بۆنی نۆرمان و کاک دکتۆر چیا عەباس نوری)، بۆ دۆزی ڕەوای گەلی کوردستان و کۆچبەرانی کورد لە تاراوگە و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کۆڕێکی ڕێزلێنان و سوپاسگوزاریەیان بۆ ساز کردوون و دوو دیاریی ڕەمزیان پێشکەش کردن، وەک دوو کەسایەتی ناسراوی ناو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە تاراوگە، بەگشتی و کۆچبەران و پەنابەرانی کورد بە تایبەتی. لە تەوەرەیەکی دیکەدا، گفتوگۆیەکی ڕووبەڕوو لەگەڵ هەردووکیاندا ڕێکخرابوو، چیرۆکی چەند وێنەیەکی مێژوویی خۆیان گێڕایەوە، چۆنیتی یەکترناسینیان و خەباتی خۆیان گێڕایەوە، لە لایەن هاوڕێکانیشیانەوە یادەوەری تاڵ و شیرینی ئەو ڕۆژگارانەیان خستە ڕوو،




لە کۆتاییدا پاش دیارییەکان چەپکە گوڵی وەفاداری هاوڕێکانیشیان پێشکەشکرا.

بۆنی نۆرمان لە دایکبووی ساڵی ١٩٦١،

خوێندنی ڕۆژنامەگەری لە ئوتریخت تەواو کردووە،

لە کۆتایی زستانی ساڵی ١٩٨٧ لە گەڵ چیا بەرەو کوردستان دەکەونە ڕێ و پاش دوو مانگ چاوەڕوانی لە شام ڤیزای ئێران وەردەگرن و لە ئێرانەوە دەچنە ناوچە ئازادکراوەکان، لە شێنێ و زەڵێ، بۆنی دوو ڕیپۆرتاژ بۆ ڕادیۆ و دوو ڕۆژنامەی هۆڵەندا ئەنجام دەدات و بە جیهازی لاسلکی چاوپێکەوتنێکیش لەگەڵ هەڤاڵ مام جەلال سازدەکات.

لە ڕێگەی گەڕانەوەیان لە کرمانشاه چاوپێکەوتن لە گەڵ بریندارەکانی چەکی کیمیاوی دەکات و هەواڵەکە بۆ دەرەوە دەنێرێت.

لە ڕاپەرینەکەی ١٩٩١ و کۆڕەوەکەدا، لەگەڵ چەند دۆستێکی هۆڵەندیا ڕۆژانە بولەتینێک (نشرة اخبارية) بە زمانی هۆڵەندی دەردەکەن، کە هەواڵەکانی ڕاپەرین و کۆڕەوەکە بە بەرفراوانی بڵاودەکەنەوە. دواتر لە ساڵی ١٩٩١ تا ١٩٩٤، لە کوردستان کار بۆ ڕێکخراوی خێرخوازی هۆڵەندی (مێمیسا) دەکات و بەتایبەت پرۆژەکانی بوژاندنەوە، لە چەند ناوچەیەکی گەرمیان.

لەگەڵ چیا خاوەنی دو کچن بە ناوەکانی مینالێ و هێرۆ.

چیا عەباس ساحیبقران،

لە دایکبووی ساڵی ١٩٥٠.

لە سەرەتای ساڵی حەفتاکانەوە، دەبێتە ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان

لە ساڵی ١٩٧٤ بەهۆی هەڵگیرساندنەوەی شەڕ لە نێوان کورد و ڕژێمی سەدام واز لە خوێندنی دوا ساڵی کۆلێژی پزیشکی دەهێنێت و پاش شکستی شۆڕشەکە، لە ساڵی ١٩٧٥ لەگەڵ چەند هاوڕێیەک ڕوو لە هۆڵەندا دەکەن، پاش دروست بوونی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش لە شام، یەکەم دیداریان لەگەڵ هەڤاڵان مام جەلال و کاک نەوشیرواندا لە ئابی ساڵی ١٩٧٥ دا دەبێت لە بەرلین، لە کۆنفرانسی ئەکسا (خوێندکارانی کورد)، هەرلەوێوە، یەکەم بناغەی ڕێکخستنەکانی (ی.ن.ک) دادەڕێژن و دەست بەکارکردن دەکەن و چالاکانە ڕۆڵی کاریگەری خۆیان دەبینن.

## هەر جارەی هونەرمەندێک

## ئەمجارە هونەرمەنێکی شێوەکاری هۆڵەندی



### هونەرمەند ئاچیە فێدڵهۆن

### Arie Johannes (Aat) Veldhoen

ئاری یوهانس (ئاچیە) فێڵدهۆن، لە یەکی نۆڤەمبەری ساڵی 1934 لە ئەمستردام لەدایک بووە و لەوێ گەورە بووە، لە باوکییەوە کاری وێنەکێشان فێربووە، کاتێک خەریکی وێنەکێشانی ڕیکلامە بووە، کە یەکەم نیگارکێشی ئەو بوارە بووە. لە ژیانی هونەریدا وەک وێنەکێش دەستپێکردووە و پاشان وەک نیگارکێشیکی هونەری ئازاد ناسراوە. گرنگی بە وردەکاری وێنەکێشانداوە، پاشان وێنەی دیمەنی سروشتی و (خودی)کەسی و ژنانی ڕووتی کێشاوە.

لە نێوان ساڵانی 1964 و 1967 دا ئاچیە بە ئۆتۆمبێلەکەی لە ناو ئەمستردامدا، بەرهەمی سێ گەلەری بۆ فرۆشتن دەگێڕا، فیلدهون بە شێوازی تایبەتی خۆی بازاڕی بۆ کارە هونەریەکان دەدۆزییەوە، کە لەو کاتانەدا، ئاسان نەبوو ئەو کارانە نەخش ونیگار و چاپەمەنی بەردین ساخ بکرێتەوە.


ساڵی 2004 لە یادی 70 هەمین ساڵەی لەدایک بوونی فیلدهۆندا، مۆزەخانەی ڕامبراندهاوس پێشەنگایەکیان بۆ کارە هونەریەکانی کردەوە، وەک هونەرمەندێکی شێوەکاری و داهێنەرێکی هونەری ئازاد، هەروەها هەمان ئەم کارانە لە پێشەنگای Animaux لە ڕۆتەردام ساڵی 2006 پیشاندرانەوە.



Afrikaanse man
30 cm x 40 cm schilderij mono print



Zonder titel
tekening








## تاراوگە

بڵاوكراوەیەكی كوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلكترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807